حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی - سلێمانی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی زمانی کوردی - ئێواران

# دەربڕاوە جوداکان لە زمانی کوردیدا

## (زمانی ڕاگەیاندن بە نموونە)

توێژینەوەیەکە لەلایەن:
ڕێزدار لاین عەبۆ

پێشکەشی بەشی زمانی کوردیی - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت - زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا

بە سەرپەرشتی:
پ. د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

٢٧٢٣ - ٢٧٢٤ کوردی ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤ زایینی ١٤٤٤ - ١٤٤٥ کۆچی

# بەڵێننامەی ڕادەستکردنی توێژینەوەی دەرچوون

| ژمارە | ناوی سیانی | ڕێزدار لاین عەبۆ |
|---|---|---|
| | ناونیشانی توێژینەوە | دەربڕاوە جوداکان لە زمانی کوردیدا<br>(زمانی ڕاگەیاندن بە نموونە) |
| | ساڵی خوێندن | ٢٠٢٣-٢٠٢٤ |
| | ژمارەی توێژینەوە | |

**خوێندکاری بەڕێز ئەم خاڵانەی خوارەوە بخوێنەرەوە و دوای ڕازیبوونت واژۆی لەسەر بکە:**

١- بەڵێن دەدەین کە بەهیچ شێوەیەک توێژینەوەکەمان بە ڕێگەی نارەوا نەنووسیوە و ئەنجام نەداوە لە شێوەی ڕەش و دزی بیرۆکە و نووسین و داتا و گراف و نەخشە و وێنە و ناوەڕۆکی و بابەتێک لە سەرچاوە جۆربەجۆرەکانەوە بەبێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکەی.

٢-بەڵێن دەدەین کە خۆمان خاوەنی نووسین و نووسەری توێژینەوەکە و پرۆژەکەین، لە هیچ کەسێک و ناوەند و وێبساتێک نەمان کڕیوە و وەرمان نەگرتووە.

٣-بەڵێن دەدەین کە پێشتر ئەم پرۆژە و توێژینەوەیە لەلایەن خۆمان و کەسانی دیکەوە پێشکەشی هیچ دەزگا و بڵاوکراوەیەک نەکراوە.

٤-بەڵێن دەدەین کە بابەتەکەمان مافی کەسانی دیکەی پێوە نییە و بۆ نموونە هاوبەشی بووبێت و ناوی هاوبەشەکەم لابردبێت، هەروەها پێشتر بۆ هیچ دەزگا و ناوەند و بۆ بەدەستهێنانی هیچ پلەیەکی زانستی نەمان نووسیوە و بڵاونەکراوەتەوە.

٥-بەڵێن دەدەین پەنامان نەبردبێتە بەر گزی (قۆپییە و وەرگرتنی دەقاودەق) و کۆکردنەوەی لە سەرچاوەکانەوە هەروەها پرۆژەکە لەبەرگرتنەوە و مونتاژی سەرچاوەکان نییە و کاری خۆمانە.
لەم خاڵانەی سەرەوە بەرپرسیارین بەرانبەریان لە هەر کاتێکدا بێت.

واژۆ:

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٤

# یاداشـتی مامۆستای سەرپەرشت

من وەک مامۆستای سەرپەرشتی توێژینەوەی خوێندکار (ڕێزدار لاین عەبۆ) بە ناونیشانی (دەربڕاوە جوداکان لە زمانی کوردیدا (زمانی ڕاگەیاندن بە نموونە))، ئێستا خوێندکار سەرجەم پێویستییە زانستی و تەکنیکییەکانی تەواوکردنی توێژینەوەی دەرچوونی فەراهەم کردووە و توێژینەوەکەی بە بەشی زمانی کوردی و لیژنەی هەڵسەنگێنەر دەسپێرم.

واژۆ:

مامۆستای سەرپەرشت : پ. د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

## بابەتی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دەرچوون

ئێمە کە ناو و واژۆمان لەخوارەوە هاتووە، ئەرکی گفتوگۆی ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (دەربڕاوە جوداکان لە زمانی کوردیدا (زمانی ڕاگەیاندن بە نموونە)) لەلایەن خوێندکار (ڕێزدار لاین عەبۆ) لە ڕێکەوتی / /٢٠٢٤ لەئەستۆ گرتووە، بۆ ئاگاداریتان.
لەگەڵ ڕێزدا...

لیژنەی گفتوگۆ

هەڵسەنگێنەری زانستی:

هەڵسەنگێنەری پەروەردەیی:

سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندنی بەش:

ڕێکەوتی: / /٢٠٢٤

# فۆرمی پێشکەشکردن

ئـــێمە ئەنـــدامانی لـــیژنەی گفتوگـــۆ و هەڵســـەنگاندن ئەم توێژینەوەیەمـــان خوێنـــدەوە بە ناونیشـــانی (دەربــڕاوە جوداکـــان لە زمـــانی کوردیـــدا (زمـــانی ڕاگەیانـــدن بە نمـــوونە))، لەگەڵ خوێنـــدکار (ڕێـــزدار لایـــن عەبـــۆ) گفتوگۆمـــان دەربـــارەی نـــاوەڕۆک و لایەنەکـــانی دیـــکەی کـــــرد و بڕیارمـــــان دا بە پـــــلەی (                    ) وەربگیرێـــــت وەک بەشـــــێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.

ناو و واژۆی مامۆستای هەڵسەنگێنەر:

ناو و واژۆی مامۆستای هەڵسەنگێنەر:

## سوپاس و پێزانین:

- سوپاس بۆ کردگاری جیهانیان، کە تەمەنی پێ بەخشیم ئەم توێژینەوەیە بە ئەنجام بگەیەنم، بەر دیدی ئێوە بکەوێت و سوودێکی لێ وەرگرن.
- بۆ پ. د. بێستوون حەسەن، هەمیشە هۆکاری زیادتر فێرکردنمان بووە.
- بۆ مامۆستای ئەزیزم پ. ی. م. بێستوون ئەبوبەکر، کە بەشێک لە کاتە بەنرخەکانی خۆی پێشکەشکردم و لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتی دام.
- بۆ م. ی. توانا عەبدولڕەحمان بەو پەڕی دڵفراوانی و دڵسۆزییەوە هاوکارم بووە.
- بۆ هەموو مامۆستایانی زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت.
- سوپاسی هەموو ئەو ماڵپەڕانە دەکەم، کە بەشێک لەو کتێبانەی کە چاپی بەردەست نییە، بە تەرزی (پی‌دی‌ئێف) لە ناخـــــــــی خۆیاندا هەڵگرتووە و بووەتە هاوکارێک و یارمەتیدەرێکی زۆر باشی توێژەران.

# پێشکەشکردن

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

- باوک و دایکی ئەزیزم (دوو چرا هەمیشەدرەوشاوەکەی ژیوارم).
- بە خوشک و برا ئەزیزەکانم و، بە دادە ئەڵــما و کاکە ئـــارزی.
- بە تۆڕی میدیایی ڕووداو، میدیا یەکەمە بێڕکارەبەرەکە، ئەو کەناڵەی هەموو سنوورەکانی جوانی و سەرکەوتنەوەکانی بڕیوە.
- بە سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم پ. د. بێستوون حەسەن، کە لەخۆبووردانە یارمەتیدام لە بەکۆتاگەیاندنی توێژینەوەکەم.
- بە پ. ی. م. بێستوون عارف، کە بڕیاردەری بەش و مامۆستای ئەزیزم بووە.
- بە پ. ی. د. کوێستان و پ. ی. د. دەروون عەبدولڕەحمان.
- بە پ. ی. م. بێســتوون ئەبووبەکر و م. ی. توانا عەبدولڕەحمان کە هەمیشــە وەکوو برایەک و ڕێنیشاندەرێک، دڵسۆزانە هاوکارییان کردووم.
- بە هەر کەسێک کە شەیدای زمانی دەوڵەمەند و زیندوو و شیرینی کوردی و خزمەتکردنیەتی.
- بە تەواوی مامۆستایانی چوار ساڵی خوێندنی بەکالۆریۆسم، کە هەندێک کات زیادتر لەو ئەرکەی پێیانسپێردراوە هاوکارییان کردووم.
- بە ڕاگەیاندنکاران و خوێندکارانی قۆناغە جوداکانی بەشی ڕاگەیاندن.

# ناوەرۆک


| ژمارە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | **پوختە** | ٢ |
| ٢ | **پێشدەستی** | ٣ |
| ٣ | ناونیشانی توێژینەوەکە | ٣ |
| ٤ | هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە | ٣ |
| ٥ | ئامانجی توێژینەوەکە | ٤ |
| ٦ | سنووری توێژینەوەکە | ٤ |
| ٧ | گرفتی توێژینەوەکە | ٤ |
| ٨ | ڕێبازی توێژینەوەکە | ٤ |
| ٩ | بەشەکانی توێژینەوەکە | ٤ |
| ١٠ | **بەشی یەکەم: زمان و تیۆری پێویست** | ٥ - ١٨ |
| ١١ | پێناسەی زمان | ٦ - ٧ |
| ١٢ | جۆرەکانی زمان | ٧ - ١٨ |
| ١٣ | زمانی ڕۆژانە | ٧ |
| ١٤ | زمانی ڕۆشنیری | ٨ |
| ١٥ | زمانی شیعر | ٨ - ١٠ |
| ١٦ | زمانی ڕۆمان و چیرۆک | ١٠ |
| ١٧ | زمانی ڕاگەیاندن | ١٠ |
| ١٨ | زمان لە ڕاگەیاندنی دەوڵەت | ١٥ |
| ١٩ | زمان لە ڕاگەیاندی حیزب | ١٦ - ١٨ |
| ٢٠ | **بەشی دووەم: زمان لە ڕاگەیاندی کوردیدا** | ١٨ - ٢٩ |
| ٢١ | **پاری یەکەم: ڕاگەیاندنی کوردی و سەرهەڵدانی** | ١٨ - ٢٤ |
| ٢٢ | هەواڵ | ٢٠ - ٢١ |
| ٢٣ | ژانرەکانی هەواڵ | ٢١ - ٢٢ |
| ٢٤ | بەهاکانی هەواڵ | ٢٢ - ٢٤ |
| ٢٥ | **پاری دووەم: دەربراوە جوداکانی زمانی ڕاگەیاندی کوردی (کەناڵی ڕووداو بە نموونە)** | ٢٥ - ٣٠ |
| ٢٦ | دەربراوە جوداکانی کەناڵی ڕووداو و واتا و شلێوەکانیان | ٢٥ - ٣٠ |
| ٢٧ | **ئەنجام** | ٣٠ |
| ٢٨ | **سەرچاوەکان** | ٣١ - ٣٣ |

## پوختە

لەم توێژینەوەیەی کە لە دوایدا بەر دیدتان دەکەوێت، وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ دەدەینەوە، کە ئەمانەن:

زمانی ڕاگەیاندن چییە؟

پێناسەکانی ڕاگەیاندن چین؟

بنەڕەتی ڕاگەیاندن کە هەواڵە، چییە؟

بەهاکان و بنەماکانی هەواڵ چین؟

دەبڕاوە جوداکانی زمانی کوردی، کە لە ڕاگەیاندنە کوردییەکان بەر هەستی بیستن و بینینمان دەکەون کامانەن؟

واتای ئەو دەربڕاوانە چین؟

بۆ خۆجوداکردنەوەی دەزگایەکی ڕاگەیاندن ئایا پێویستە ئەو دەربڕاوە جودایانە هەبن؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە و  زۆر زیادتریش لە درێژەی توێژینەوەکدا وەردەگرن

## پێشدەست

لەم توێژینەوەیەدا بە گشتی باس لە جۆرەکانی زمان و زمانی کوردی و زمانی ڕاگەیاندنی کوردی بە نموونە کراوە. چەمکی زمان و پێناسەکانی و زمانی ڕاگەیاندن و خودی ڕاگەیاندن و مێژووی ڕاگەیاندنیش باس کراوە. زمانی شیعر قۆناغبەندی بۆ کراوە و کراوە بە سێ قۆناغەوە کە کلاسیک و نوێ و هاوچەرخە. بەوردی باس لە زمانی شیعری هەر سێ قۆناغەکە کراوە. چەندین پێناسەی جودامان بۆ چەمک و زاراوەی ڕاگەیاندن بە پشتبەست بە سەرچاوە جۆبەرجۆرەکان نووسیوە. زمانی ڕاگەیاندنمان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دەوڵەتی و هەرێمی و حیزبی و کەناڵییش باس لێوە کردووە. زمانی نەرمی و زبری بەکارهێنانی سیاسەتی چەند دەوڵەتێک و حیزبێکمان بە نموونە هێناوەتەوە.

ڕاگەیاندن مێژوویەکی دێرینی هەیە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیانی مرۆڤایەتی، ڕاگەیاندنیش بەرەوپێشچووە، کە ئێستا بە ڕاگەیاندنی نوێ/ میدیای نوێ/ میدیای ئێستایی ناوزەد دەکرێت. جیهانی بەرفراوانی ڕاگەیاندن گەلێک هۆکاری گەیاندن لەخۆ دەگرێت، کە بە هەموویانەوە ڕاگەیاندنێکی پرۆفیشناڵ و سەردەمی بۆ خەڵکی خۆیان فەراهەم دەکەن. هەواڵ بە دەستپێکی ڕاگەیاندن دادەنرێت، بە هۆی ئەوەی ڕاگەیاندن بە هەواڵ دەستی پێکرد و بووە جێی سەرنجی خەڵک. باسمان لە بنەماکانی هەواڵ و بەهاکانی هەواڵ لە ڕاگەیاندن کردووە. هەموو هەواڵێک زانیارییەکە دەگەیەنرێتە کۆمەڵە کەسێک، بەڵام هەموو زانیارییەک بەهای بوون بە هەواڵی نییە، ئەمەیش لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی دیکە دەگۆڕێت، یان بەهۆی شوێنی جوگرافییەوە دەگۆڕێت ...تاد. بو وردی باسمان لە مێژوو و سەرهەڵدانی ڕاگەیاندی کوردی کردووە. دەربڕاوە جوداکانی تۆڕی میدیایی ڕووداو بە نموونە وەرگیراوە. زیادتر لە بیست وشەمان بە نموونە بۆ شڵێوەکردن/ شیکردنەوە هێناوەتەوە و لێی دواوین.

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم ناونیشانە کە بریتییە لە "دەربڕاوە جوداکان لە زمانی کوردیـــــــدا" بۆ ڕوونکردنەوە و شڵێوەکردنی هەندێک وشەی بەکارهاتووی زمانی ڕاگەیاندنی کوردییە.

### هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئێمە ڕۆژانە وشە و دەربڕاو بەر هەستی بیستنمان دەکەون، هەندێک لەو دەربڕاوانە ڕەنگە پێی ئاشنا نەبووبین، جا هۆکار جوگرافیا بێت یان هەر هۆکارێکی دیکە. دەربڕاوە جوداکان زمان

که هاومانان لەگەڵ هەندێک دەربڕاوی دیکە، دەوڵەمەندی و زیندوویی ئەو زمانە دەگەیەنێت. خۆشبەختانە زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە زۆر دەوڵەمەند و زیندووەکانی جیهان.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

دەربڕاوە جوداکان سەرنجمان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، ئێمە هەوڵ دەدەین ئەو دەربڕاوە جودایانە و هەندێک نەبیستراوانە، واتاکانیان یان هاوواتاکانیان بۆ ئێوە ڕوون بکەینەوە.

**سنووری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە نمایانکردنی مانای وشە و زاراوە جوداکانی زمانی ڕاگەیاندی کوردییە، تایبەتتر دەربڕاوە جوداکان، کە تۆڕی میدیایی کەناڵی "ڕووداو" وەک نموونە وەرگیراوە.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

گرفتی توێژینەوەکەمان بریتییە لە هەبوونی کەمی سەرچاوەی لایەنی ئیتمۆلۆژی/ ڕیشەناسیی زمانی کوردی، کە پێمان باش بوو لەم توێژینەوەیەماندا کاتێک دەربڕاوە جوداکان دەردەهێنین، بتوانین بگەڕێینەوە سەر بنەڕەتی وشەکە و ڕیشەکەی دیاریی بکەین.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕێبازی "پەسنی/ وەسفی و شیکاری".

**بەشەکانی توێژینەوە:**

لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەماندا بە گشتی لە پێناسەی زمان و جۆرەکانی زمان دواوین. لە بەشی دووەمدا کە کردوومانە بە دوو پار، لە پاری یەکەمن باس لە سەرهەڵدانی ڕاگەیاندی کوردیی دەکەین، لەگەڵ هەندێک لایەنی گرنگی هەواڵسازی. لە پاری دووەماندا باسمان لە دەربڕاوە جوداکانی زمانی ڕاگەیانندنی کوردی، کەناڵی "ڕووداو" کردووە.

# بەشـــی یەکەم

## زمان و تیۆری پێویست

### پاری یەکەم: پێناســەی زمان و جۆرەکانی زمـــــان

## پاری یەکەم: پێناسەی زمان و جۆرەکانی زمان

پێناسەی زمان کارێکی سانا نییە، لەبەر ئەوەی دیاردەیەکە لە زۆر ڕوانگەی جۆربەجۆرەوە لێی ڕوانین دەکرێت. هەر شارەزایەک لە چوارچێوەی بابەتەکانی خۆیەوە لێی دەکۆڵێتەوە. ((زمان، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەی پێشکەوتن و گەشەی بیر و تێگەیشتن و ڕۆشنبیری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی مرۆڤە)). (جراد، ٢٠١٣: ٢٠)
بێگومان پێناسەی زانایانی دەروون و زانایانی زمانەوان و فیزیا و کیمیا و ... تاد، ناشێت وەک یەک بن. لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە زمـــــان دەیان پێناسەی جۆربەجۆری بۆ کراوە. لە خوارەوە چەند پێناسەیەکی لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە دەخەینە ڕوو:

- زماناسی ئەمریکی "ئێدوارد ساپیر" دەڵێت: ((زمان هۆیەکی ناغەریزییە و تایبەتە بە مرۆڤ، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، بە هۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو کار دەکات و لەژێر یاسای مرۆڤدایە)). (ناوخۆش و ...، ٢٠١١: ٤١).
- ئەڤرام نوام چۆمسکیی ئەمریکی دەڵێت: ((کۆمەڵە ڕستەیەکە کە ڕێزمان دەریان دەکات)). (فتاح ،٢٠١١: ١١).
- ڕێزماناسی ئینگلیز "هنری سویت" دەڵێت: ((زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لە ڕێگەی دەنگ، کە لە وشە پێک دێت)). (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٥).
- مارتنتی نووسەر ئەڵمانی دەڵێت: ((زمان بەخششێکی خودایيە)). (azquotes, ٢٠٢٤: ١)
لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە ((زمان: گرنگترین ئامێری پێوەندی و لەیەکتر تێگەیشتنی ئادەمیزادە)). (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٥).

زمان لەنێو کۆمەڵگا گەشە دەکات، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی زمان و ئاخاوتنەوە گەشە دەکەن و بەرەو پێش دەچن. زمان لە چەند جۆرێک پێک دێت، نزیکەی چل جۆر زمانمان هەیە، نموونە: زمانی تایبەتی، زمانی گشتی، زمانی ستاندەر، زمانی پسپۆڕی، زمانی زیندوو، زمانی مردوو، زمانی سرووشتی، زمانی دەستکرد و ...تاد. (نەریمان خۆشناو، ٢٠١٤: ٣٢). زمانی سرwوشتی: ئەو زمانەیە کە خوای گەورە بە مرۆڤەکانی بەخشیوە و لە سەرەتادا هیچ دەستکارییەکی مرۆڤی تێدا نەبووە. زمانی دەستکرد: بریتییە لەو زمانەی کە دانەرەکەی مرۆڤە و بۆ ساناکردنی زیادتری پێوەندی و لەیەکتر تێگەشتن بەکاری دەهێنن. زمان لە چەند

زار (لهجة/ Dialect) ێک پێک دێت. زار هاوشێوەی زمان، لەڕوانگەی زانای هەر بوارێکەوە پێناسەیەکی بۆ کراوە.
((شێوەی لێدوان و قسەکردنی کۆمەڵێکە لە نەتەوەیەکدا و، بەشێکە لە زمانی نەتەوەیی ئەو خەڵکە و، پەیدابوونی دیاردەیەکی سروشتییە)).(بەسیر، ١٩٨٤: ١٥).

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسەیەی سەرەوە، پێویستە ئەمە ڕوون بکەینەوە کە زمانی کوردی لە چوار زاری سەرەکی پێک دێت، کە ئەمانەن: کرمانجیی باکوور (بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی و ڕۆژئاوا)، کرمانجیی ناوەڕاست (سۆرانی، موکری، سلێمانی، ئەدەڵانی و گەرمیانی)، کرمانجیی باشوور (لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسێنی، کۆهگلۆ، لەک و کەلهوڕ)، گۆران (هەورامانی، زازا، گۆرانی ڕەسەن و باجەلانی). (خورشید، ٢٠٠٨: ٤١). کە هەر یەک لەم زارانەیش بۆ چەند کۆمەڵەیەکی دیکە دابەش دەبێت، کە لەنێوان خۆیاندا بەکاری دەهێنن. نموونە: کرمانجی خوارووە، بۆ شێوەزاری سلێمانی و شێوەزاری هەولێر و شێوەزاری گەرمیانی و ... تاد، جیا دەبێتەوە.

زمان کەسایەتی و تەمەن و ڕەگەز و شوێن و ئاستی ڕۆشنبیری و بیروڕا و مەبەستی مرۆڤ ئاشکرا دەکات، کەواتە زمان کاریگەرییەکی کارای لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵ هەیە، سەبارەت بە (تاک) هۆکاری پێوەندیکردنە بە دەورووبەرەکەی، لە ڕێگەی ئەم پێوەندیکردنەیشەوە درک بە مەبەستەکانی خۆی دەکات و بە مەرامەکانی دەگات.

## جۆرەکانی زمان

زانایانی زمان و زماناسان زمانیان بۆ چەند جۆرێک بەپێی بەکارهێنانی لە ناو کۆمەڵگەدا دابەش کردووە. بێگومان زمانی بەکارهێنانی ڕۆژانەی مرۆڤ لەگەڵ زمانی فەرمی و بەکارهێنان لە نووسراو و بڵاوکراو و میدیاکاندا جودایی هەیە. لێرەدا بە وردیی لێی دەدوێین:
**١. زمانی ڕۆژانە/ زمانی ئاسایی/ زمانی گشتی:** بریتییە لەو زمانەی کە هەموو تاکەکانی نێوان یەک کۆمەڵە بۆ ڕاییکردنی کار و کردارەکانی ڕۆژانەیان بەکاری دەهێنن و تایبەت نییە بە کەسێکی دیاریکراو. ((ئەو زمانەیە هەموو خەڵک لە وڵاتدا بەکاری دەهێنن و تایبەت نییە بە بوارێکی دیاریکراو)). (خۆشناو، ٢٠١١٤: ٤٠). یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمـــــــــان، پێڕەوە. واتە: خستنەپاڵیەکی کەرەستەکانی هیچ زمانێک ئارەزوومەندانە یان لەخۆوە نییە، بەڵکوو ئەو خستنەپاڵیەکە بە یاسا و ڕێسا دەکرێت. ((زمانی ڕۆژانە یان زمانی ئاخاوتن: ئەو

زمانەیە کە لەلایەن قسەپێکەرانەوە ڕۆژانە بە مەبەستی لەیەکتر تێگەشتن بەکار دەهێنرێت.)) (ئەحمەد، ٢٠١٧: ٢٠٨).

**٢. زمان ڕۆشنبیری**: ئەو زمانەیە بۆ بوارێکی جودا بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە: زاراوە و وشەی بواری ڕووەکناسی جودایە لەگەڵ بواری ئەندازیاری، یان بواری پەروەردە و فیزیا. (( کەسێک شارەزایی لەو بوارە یان لەو زانستە نەبێت، ئەوا درکی پێ ناکات)). (خۆشناو، ٢٠١٤: ٤٠). زمانی ڕۆشنبیریدا لەمانە دەدوێین:

**ئـ . زمانی شیعری**: یەک لە دوو تەرز/ شێوەکەی دەربڕینی ئەدەبییە، خەیاڵ و سۆز و بیر لە دارشتنیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. (ناوخۆش، ٢٠١٠: ١٤٣). زمان بۆ شیعر کرۆك و ناخە، یان جلوبەرگە بەهۆیەوە خۆی دەڕازێنێتەوە و، سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، بۆیە لە فۆرمی شیعریدا زمان گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە.

سادەترین پێناسەی ئەدەب زمانە، چونکە باشترین کەرەسەکانی ڕازاندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی زمانە، شیعریش وەك بەشێکی زۆر گرنگی ئەدەب ڕاستەوخۆ بە زمانەوە خۆی دەڕازێنێتەوە. ((سادەترین پێناسەی ئەدەب دەربڕینێکی جوانە لەڕێی هەڵبژاردنی زمانێکی کاریگەر بۆ ڕاگەیاندنی پەیامەکەی بە پەیاموەرگری دەقەکەیدا)). (خۆشناو و قادر، ٢٠٢٠: ٤٠١ ). لەم حاڵەتەدا دەقنووس وەك پەیامنێرێك هەوڵدەدات کەرەسەی لەبار هەڵبژێرێت بۆ ڕاگەیاندنی بیر و بۆچوونەکانی لەنێو دەقەکەیدا کە ئەویش زمانە، کەوا بە بنەمایەکی سەرەکیی ئەدەب دادەنرێت. ((شیعر هونەرێکە شاعیر لە ڕێگای زمانەوە بە شێوازێکی ڕێك و تەکنیکی هونەری مامەڵەکردنی هونەرەوە، لە پانتایی فەرهەنگی زماندا دەستەبەری دەکات)). (مەحموود، ٢٠٠٩: ١٨٨). زمانی دەقی شیعری دەبێت جودا بێت لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی لەڕووی بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگیی واتادار و کاریگەر، هەروەها بەکارهێنانی دەستەواژەی خاوەن ئیدیەمی تایبەت و، بەکارهێنانی ڕستەی سەرنجڕاکێشی پڕ لە ئەندێشەی هونەری، بە پێچەوانەی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی کەوا پڕە لە وشەی سادە و دەستەواژە و ڕستەی خاوەن واتای ڕاستەوخۆ، بەڵام شاعیر دەبێت جۆرە زمانێکی پاراو لەنێو دەربڕینی دەقە شیعرییەکەیدا بەکار بهێنێت، هەروەها دەبێت جۆرە زمانێکی ڕازێنراو بەکاربهێنێت بۆ بەخشینی کاریگەری بە پەیامی دەقە شیعرییەکەیدا.

زمانی شیعری لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەویش بەپێی هەلومەرجی سەردەمی نووسینی ئەو شیعرە و ئەو دەقە. بێگومان زمانی نووسینی شیعر جوداییەکی زۆری هەیە لەگەڵ زمانی قسەکردنی ڕۆژانەی هەر مرۆڤێک. لە شیعردا، نووسەر یان شاعیر پێویستە وشەی جوان بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و خوازیارانی شیعر بەکار بهێنێت. یەکێک لە بنەڕەتەکانی دروستبوونی شیعر بریتییە لە کێش. شیعری هەموو زمانەکانی جیهان کێشی تێدایە. سیمای هەرە دیاری جیاکەرەوەی شیعر و پەخشانە. سەروا لە شیعری هەموو میللەتێکدا بوونی نییە، لەبەر ئەوەی تایبەتمەندیی هەندێک زمانی جیهان وا دەخوازێک کە بەکارهێنانی سەروا لە شیعردا هەستی ئیستاتیکی خوێنەر و بگرە نووسەر/ شاعیرەکەیش نابزوێنێت. ((شیعر هونەرێکە شاعیر لە ڕێگای زمانەوە بە شێوازێکی ڕێك و تەکنیکی هونەری مامەڵەکردنی هونەرەوە، لە پانتایی فەرهەنگی زماندا دەستەبەری دەکات)). (مەحموود، ۲۰۰۹: ۱۲). ئەگەر بێین زمانی شیعری کوردی بکەین بە سێ قۆناغ کە "کلاسیک" و "نوێ" و "هاوچەرخ"ە و جوداییەکی زۆر دەبینین. ئێستا بە نموونە لە هەر سێ قۆناغەکە دەدوێین.

- **کلاسیک**: ئەگەر کە زمانی شیعریی ئەم قۆناغە بدوێین دەبینین زمانێکی قورسی شیعرییان بەکار هێناوە و بەشێکی کەمی خەڵک توانیویانە لێی تێ بگەن. مەرجی نووسینی شیعری کلاسیکیش زانینی زیادترە لە یەک زمان و زانینی زمانی عەرەبی یان فارسییە. لە خاکی ئەدەبیاتی کوردیدا، شیعری کلاسیک پانتاییەکی زۆری بە بۆن و ڕەنگی جوداوە گوڵڕێژ کردووە. بەر لە ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردووەوە بەهۆی شیعری نوێوە کۆتایی پێ هات، بەڵام تا ئێستایش شیعرەکانی کلاسیک زیادتر لە شیعری نوێ و هاوچەرخ لەنێو خەڵکیدا باوە. زیندووبوونی شیعری کلاسیکیش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی بەرزی نووسین و بەهای ئەو شیعرانە کە بۆ سەردەمە جوداکان دەشێت. بۆ زیادتر شارەزابوون و ڕۆچوون لەم جۆرە شیعرەی کوردیدا بڕوانە شڵێوەکانی زانای گەورەی کورد مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس. (مودەڕڕیس، ۱۳۸۷).

- **نوێ**: لەم قۆناغەی نووسینی شیعردا زمانێکی سادەتر بەکار هێنراوە و بەشێکی زیادتر لە خەڵک لێی تێ گەیشتوون و ڕوئیا و سەرنجی شاعیرانیش بە تەرزێکی دیکە لە نووسینی شیعرەکاندا بووە. بابەتی نووسینی شیعرەکان زیادتر کوردایەتی بوون، لەبەر ئەوەی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەم لە دوا ساڵانی ۱۸۹۰ەوە وای دەخواست کە کوردایەتی بن، ئەویش بەهۆی داگیرکاریی سوپای عوسمانی و جەنگ وماڵوێرانی کوردەکان و جەربەزەییان.

ئەو شیعرانەیشی باس لە دڵداری و کچ دەکات، بەرگێکی دیکەی زمانی نووسین کراوە بەبەر شیعرەکەدا و تایبەت شیعرەکانی هێمنی موکریانی کە لەگەڵ نووسینی شیعری دڵداری بۆ کچە شۆخێکی کورد، کچی کوردی بە جوانتر لە کچی نەتەوەیەکی تر زانیوە. بڕوانە (هێمن، ٢٠٠٨).

- **هاوچەرخ**: ئەم قۆناغەی شیعرە لە کۆتایی ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردووەوە دەست پێ دەکات. لەم قۆناغەدا نووسەر وشەکانی تەواو سادە و سانا/ ئاسانە و بەڵام ناوەڕۆکێکی تەواو قوڵی هەیە، ئەم قۆناغە بەم تایبەتمەندییەی خۆی لە دوو قۆناغەکەی پێش خۆی جودا دەکاتەوە. بڕوانە: (هەڵمەت، ٢٠١٤: ٥).

## ب. زمانی چیرۆک و ڕۆمان

زمانی نووسینی چیرۆک جوداییەکی زۆری لەگەڵ ژانرەکانی دیکەی ئەدەب هەیە. لە چیرۆکدا پێویستە ڕووداوەکان بەتەرزی زنجیرەیی بنووسرێت و خوێنەر بۆ ئامانج گیر بکات، کە کۆتایی چیرۆکەکەیە. چـیرۆک ئاسـوودەگییەکی زۆر بە دڵ دەبەخشێت. ((تا هەنووکە شتێک دانەهاتووە بۆ بەگژداچوونەوەی خامناکی و بێزاری هێندەی چیرۆک کاریگەر بێت)). (حەسەن، ٢٠١١: ٩). چیرۆک بەپێی تەمەن و بوار گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و نووسەر بەپێی تەمەن ڕەچاوی زمانی نووسینی چیرۆکەکەی دەکات. نووسینی چیرۆکێک بۆ منداڵ، پێویستی بە زمانێکی تەواو سانایە، تا ڕۆبچێتە خەیاڵ و هزری منداڵ.

## ت. زمانی ڕاگەیاندن

لە بنەڕەتدا وشەی ڕاگەیاندن لە وشەی (Communis)ی لاتینییەوە وەرگیراوە. ئەو وشەیە لە لاتینیدا بە مانای "بڵاو" یان "باو" دێت. وشەی ڕاگەیاندنی کوردی، لە بەرانبەر اعلام -ی عەرەبی و (Press)ی ئینگلیزییە. ئەگەر بێت و شڵێوەیەکی ئەو وشەیە بکەین کە چۆن دروست بووە، ئەوا لە وشەی پێڕاگەیاندنەوە وەرگیراوە، واتە: گەیاندنی پەیامێک. پێشگری (ڕا) + کرداری (گەیاندن)= ڕاگەیاندن.
ئەگەر بێینە سەر پێناسەی ڕاگەیاندن، ئەوا چەندین پێناسەی جۆربەجۆری بۆ کراوە، ئێمە چەند پێناسەیەکی دەخەینە ڕوو:

## پێناسەکانی ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن: بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی ڕاست و دروست بە ئامانجی هۆشیار کردنی تاکەکانی کۆمەڵگە و ئاگادارکردنەوەیان لە ڕووداوانەی کە لە دەورووبەریان ڕوودەدەن. ڕووداویش گۆڕینی بارێکە بۆ بارێکی دیکە.
ڕاگەیاندن: برتییە لەو چالاکیی پێوەندیکردنەی کە دەبێتە هۆی گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی دروست لە بارەی بابەت و کێشەکان بە جەماوەر، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی شارەزایی و هۆشیاری پەیاموەرگرەکان. (عەزیز، ٢٠٠٣: ٤٥).
ڕاگەیاندن: بریتییە لەو زمانەی کە کەسێکی ئاسایی و هەڵگری بڕوانامە لێی تێ دەگەن. زمانێکە دوور لە زمانی ڕۆژانە و دوور لە زمانێک کە خەڵک لێی تێ نەگات. ڕاگەیاندن/ هەواڵگەیاندن ((بە ئەرکێکی سەرەکیی زمان دادەنرێت، بەهۆیەوە ئاخێوەر زانیاری دەربارەی دەورووبەری بڵاو دەکاتەوە)). (خۆشناو، ٢٠١٤: ١٧).
لەبارەی ڕاگەیاندنەوە، "ژان کازینۆ" فەرەنسی دەڵێت: ((بە شێوەیەکی گشتی، مەبەست ئەو بەشە لە ئامێرەکانی پێوەندین، کە لە شارستانییەتییەکانی نوێ سەریان هەڵداوە و بەکار دێت و گرنگترین تایبەتمەندییان بەندی کاریگەریی و بەرفراوانی مەیدانی کارکردنیانە)). (عەلی، ٢٠٠٣: ٤٤).
ئەگەر بێت و بمانەوێت باسێکی کورتی کاری ڕاگەیاندن بکەین، دەتوانین بڵێین: ڕاگەیاند بریتییە لە گواستنەوەی ڕاستی بەهۆی زمان لە ڕێگەی زانیارییەوە، یان بریتییە لە بەخشینی زانیاری بە کۆمەڵێک خەڵک. ڕاگەیاندن پرۆسەیەکی هونەرییە و ئامانج تێیدا گواستنەوەی ڕاستی و دروستییە. لە ڕاگەیاندندا گەوهەری پرۆسەکە زانیارییە. ((ڕاگەیاندن، پێش هەموو شتێک سازدانی پێوەندییە. تاکێک یان گرووپێک پەیامێکیان هەیە دەیانەوێت بیگەیەنن بە تاکێك یان کۆمەڵێک)). (جراد، ٢٠١٣: ٢٣).
زمان بە هۆکاری یەکەم و بنەڕەتی گەیاندن دادەنرێت و هۆیەکانی تر بە تەواوکەر و درێژکراوەی هۆی یەکەم لە قەڵەم دەدرێن، بەو واتایەی لەگەڵ گەشەکردن و پێشخستنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، زمان گەشەکردن و نوێبوونەوە و فرەوانبوونییەکەی کاریگەری بۆ سەر دەقەکانی ڕۆژنامەوانی دەبێت. بڕوانە: (عەلی و حەمەئەمین، ٢٠٠٧: ٥٩ - ٦٣).

لێرەوە دەگەین بەوەی کە ڕاگەیاندن وەڵامدەرەوەی پێویستیی سەردەمەکەیەتی، یەکێکی تر لە پێویستییەکانی، خێراییە. لە کۆندا خێرایی لە هەواڵ و ڕاگەیاندندا بە تەرزی ئێستا گرنگ نەبوو. بەهۆی زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندن (بە بیستراو و بینراوەوە) و بڵاوکردنەوەی بەزوویی پەیامەکان، خێرایی بووە بەشێک لە کاری ڕاگەیاندنی سەردەم. یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی زمانی ڕاگەیاندن بریتییە لە نزیکیەتی لە زمانی گفتوگۆ، کە زمانی زیندووی ئەمڕۆیە وەرگری ئەم زمانە گشتین. ڕاگەیاندکاران/ هەواڵسازان تەنها لەم ڕێگەیەی زمانەوە دەتوانن

بگەنە   وەرگرەکانیان و پێوەندییەک دروست بکەن. زانای مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی "مالینۆڤسکی" پێیوایە زمانی ڕاگەیاندن ((لە ئاستی زانستی کۆمەڵایەتی نزیک دەبێتەوە، چونکە شێوازێکە لە شێوازەکانی ڕەوشتی مرۆیی و تەنها ئەرکێکی ناوەندی نابینێت، بەڵکوو ئەرکی تایبەت بە خۆی هەیە)). (جراد، ٢٠١٣: ٢٨). لەبەر فراوانی ڕاگەیاندن و زمانی ڕاگەیاندن، پێناسینی زۆری بۆ کراوە، بۆ نموونە عەبدولعەزیز شەرەف دەڵێت: ((زمانی ڕاگەیاندن ئەو زمانەیە لەسەر مۆرکێکی کرداری کۆمەڵایەتیی ئاسایی بونیاد نراوە، بە تەرزێکی گشتی لە ڕاگەیاندن بەکار دێت)). (جەواد، ١٩٩٨، ٣ – ٤) ڕاگەیاندن بوارێکی بەرفراوانی مرۆییە. بەرفراوانی ئەو بوارەی مرۆڤ لەگەڵ گۆڕینی سەردەم زیادی کردووە. سەرەتا ڕاگەیاندن بەتەرزی ڕۆژنامە دواتر گۆڤار و دوای ئەویش ڕادیۆ سەری هەڵدا. لەم یەک دوو سەدەیەی کۆتاییدا تەلەڤیزۆن هاتە ئاراوە. گرنگترین بەشی ڕاگەیاندن، هەواڵە. گرنگی هەواڵ هۆی کۆنیەتی، واتا هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاگەیاندن، هەواڵ بوونی هەبووە جا لە تەرزی چاپکراو یان بیستراو یان بینراودا بووبێت. ئێستایش لەگەڵ زیادتربوونی تەکنەلۆژیدا هەر بوونی هەیە و گرنگیی خۆی لەدەست نەداوە. خودی هەواڵ بەکارهێنانی زمانە، جا لەڕێگای نووسین بێت، یاخود زارەکی. ئەگەر لە ڕێگای نووسینەوە بێت، پێویستیی بە ڕێنووسێکی دروست هەیە. ئەگەر لە ڕێگای زارەکی بێت، ئەوا پێویستیی بە بێژەرێکی باش و زمانپاراو هەیە. ڕێنووسی دروست گرنگیی زۆری لە گەیاندنی پەیامەکاندا هەیە، لەبەر ئەوەی هەندێک جار گۆڕینی پیتێک بە پیتێکی دیکە، یان پێش و پاشخستنی وشەیەک و دەستەواژەیەک، یان نەبوون و زیادکردنی بۆشاییەک/ سپەیسێک دەبێتە هۆی لاوازی لە گەیاندنی پەیامەکە، یان هەڵەتێگەشتنی وەرگر لە پەیامەکە. بڕوانە نموونەیی هەواڵی مەیدانیی ١ و ٢.

**نموونەی ١**: ((نەتەنیاهوو: هێرشەکانمان بۆ ســـەر غەززە بەردەوام دەبن)). (موزەفەر، ٢٠٢٤).

**نموونەی ٢**: ((دۆناڵد ترەمپ داوای دوورخستنەوەی جۆو بایدن دەکات لە کۆشکی سپی)). (خەندان، ٧ی ٣ی ٢٠٢٣).

**شلێوەی نموونەی ١**: ئەگەر وشەی کۆتایی لە (دەبن)ەوە بگۆڕدرێت بە (دەبێت) ئەوا لەڕووی ڕێزمانەوە هەڵە دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی وشەی (هێرشەکانمان) کۆیە، کەوایە دەبێت بەردەوامبوونی هێرشەکانیش کۆ بێت نەک تاک و ببێت بە (دەبێت).

**شلێوەی نموونەی ٢**: ئەو ڕستەیە لەڕووی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەی زمانی کوردی هەڵەیە، بەڵام لەڕووی واتاوە، واتاکەی نەگۆڕاوە و وەرگر/ خوێنەر لێی تێ دەگات. ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانی کوردیدا بەم تەرزەیە: (بکەر – بەرکار – کردار). لەو ڕستەیەدا کردار

پێش بەرکار کەوتووە. ڕستە ڕێزمانییە دروستەکە بەم تەرزەیە: (دۆناڵد ترەمپ داوای دوورخستنەوەی جۆو بایدن لە کۆشکی سپی دەکات). بڕوانە: (ئێلخانیزادە، ٢٠٢١: ٤٤ - ٤٧).

**بەهۆی بوونی دەستەی بیرورِا جوداوەوە، ڕاگەیاندن بە گشتی دوو ڕۆڵ و ئارمانجی هەیە:**

١. هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی تاک.

٢. هەڵخەڵەتاندن و چەواشەکردنی تاک یان ڕایگشتی، کە ئارمانج لێی دارِمانی کۆمەڵگە و بێئەرزشکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکانە.

**دوو لە گرنگترین تایبەتمەندییە گشتییەکانی زمانی ڕاگەیاندن بریتییە لەمانەی خوارەوە:**

١. **ڕوون و سادەیی**: ئەگەر لە هۆکارەکانی بیستن و بینیندا وشە و ڕستەکان ڕوون نەبن، بینەر و بیسەر لە پەیامەکە تێناگەن، دەرفەتی ئەوەیشیان نییە جارێکی دیکە بیبیستنەوە، بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکەکەیدا دڵنیا ببن. ((بۆ زۆربەی بیسەران، ئەم بیسەربوونە دواجارە، ئەوەی بە خێرایی بیبیستێت یان لێی تێ نەگات، دەڕوات و دووبارەبوونەوەیشی نییە)). (هاردینغ، ٢٠٠٦: ٨).

٢. **ئابووریکردن (ئیکۆنۆمی)**: وەرگر لە هەر کۆمەڵگەیەک بە گشتی، توانای بەردەوامی و چاوەڕوانییەکی زۆری نییە. ((فشار خستنە سەر وشەکان و پاشەکەوتکردنی وشەکان و ڕزگاربوون لە وشەی زیادە، ئەرکی یەکەمی هونەری نووسینە)). (ساڵەح، ٢٠١٠: ٢٠). لە زمانی ڕاگەیاندندا، ئیکۆنۆمیکردن بۆ کەمی کار و ڕووبەری کەمی پێشکەشکردنی نووسینەکان و هێشتنەوەی وزەی زیادتر بەکار دێت.

**لێرەدا بە گشتی باس لە ئەرکەکانی ڕاگەیاندن دەکەین، کە بەپێی چەند ژێدەرێک دەیخەینە ڕوو:**

١. ئەرکی گەیاندنی هەواڵ و پەیام و بیروڕا و لێدوانە فەرمی و نافەرمییەکانە بە وەرگر.

٢. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

٣. دروستکردنی پاڵنەر.

٤. دیالۆگ و وتوێژکردن.

٥. پەروەردە و فێرکردن.

٦. پێشخستن و هاوچەرخکردنی کولتوورەکان.

٧. بەسەربردنی کاتێکی خۆش (تەرفیهي). (عەزیز، ٢٠٠٤: ٤٧ – ٤٨).

**هەر سەبارەت بە ئەرکەکانی ڕاگەیاندن، عەبدولعەزیز شەرەف پێیوایە شەش ئەرکی سەرەکی بۆ ڕاگەیاندن هەیە، کە ئەمانەن:**

١. ڕاگەیاندن.

٢. ڕوونکردنەوە و شلێوەکردن.

٣. ئاراستەکردن و ڕێنماییکردن.

٤. چەژبەخشین و کات بەسەربردن.

٥. ڕیکلام و بانگەشەکردن.

٦. فێرکردن و پەروەردەی کۆمەڵایەتی. (شرف، ١٩٨٧: ١١١).

زمان لە ڕاگەیاندندا بەکارهێنانێکی زۆری هەیە. بەڵام کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر زمان زۆر بەهێزتر و زیادترە، لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن هەموو کونج و کەلەبەرێک دەگەڕێت و لە دەرگای هەموو ماڵێک دەدات و خۆی دەئاخنێتە هزری هەمووومانەوە، جا نووسراو یان بینراو یان بیستراو بێت. لە سەردەمی ئەمڕۆماندا ڕاگەیاندن زیادتر کاریگەریی لەسەر تاک دروست دەکات، هۆکاری ئەمەیش هەبوونی ئامێرە زیرەکە دەستییەکانە. کاریگەریی ڕاگەیاندن بەسەر زمانەوە دەکرێت لایەنی باش و لایەنی خراپی هەبێت. لایەنە باش و خراپەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەربڵاوی و زۆر ڕۆیشتنی ڕاگەیاندن. لایەنی خراپی کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر زمان دوو هۆکاری هەیە:

١. سیاسەت یان بە مەبەست.

٢. کەمشارەزایی هەواڵساز یان ڕاگەیاندنکار.

هۆکاری دووەمیان ڕەنگە چارەکردنی ساناتر بێت، ئەویش گۆڕینی ئەو کەسەیە، یان خستنەبەر خول و ڕاهێنان و فێرکردنی. بەڵام هۆکاری یەکەم سانا نییە، لەبەر ئەوەی دەزگایەک یان دەستەیەکی بیروڕا جودا هەڵدەستن بەو کارە، ئەمەیش تەنها حوکوومەت دەتوانێت ڕێگری لێ بکات. ((زۆر بە کەمی زمان خۆی بەسەر ڕاگەیاندندا دەسەپێنێت، بەڵام ڕاگەیاندن باڵ بەسەر زماندا دەکێشێت، هەڵدەکوتێتە سەری و بەسەریدا زاڵ دەبێت، زمان دەکەوێتە بەر

هەرەشەکانی و دەچێتە ژێر ئیرادەیەوە، خزمەت بە ئارمانجەکانی دەکات، لە ئاستیدا دەسەڵات و توانەیەکی نییە)). (جزائرية، ٢٠٢٤: ١).

لە سەردەمی ئێستاماندا ڕاگەیاندن بەشێکی باشی ژیانی داگیر کردووین، ئەو داگیرکردنەیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زیادترە. دەوڵەتە زۆرهێزەکان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە شەڕی یەکتر دەکەن و پەیام بۆ یەک دەنێرن و هەندێک جار گرژی و ئاڵۆزیشی لێ دەکەوێتەوە، بێگومان ئەوەیش بە سیاسەت دەکرێت. سیاسەت لە هەموو دەوڵەتێکدا لەلایەن سەرۆکەکان و سیاسەتڤانەکان یان ڕاوێژکارە سیاسییەکانەوە بەکار دەهێنرێت. سەرۆکی پێشووی زانستە سیاسییەکانی ئەمریکا "ڕۆبێرت داڵ" دەڵێت: ((سیاسەت دەست لە هەموو شتێک دەدات. سیاسەت بریتییە لە هەموو ئەو بیرورا جیاواز و بەرژەوەندییانەی کەوا لەنێو خەڵکدا هەیە)). لە بنەڕەتدا سیاسەت بۆ پێکەوەژیان و ئارامی و ئاسایش و چارەسەرکردنی کێشەکانە، بەڵام لەم ڕۆژگارەدا، ماناکەی لای زۆربەی خەڵک پێچەوانە بووەتەوە و هەر کە وشەی "سیاسەت" بەکار هات، بە وشەیەکی شووم و تاریک و ترسێنەری دەبینن. سیاسەت کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زمانی ڕاگەیاندن هەیە.

لێرەدا بە تەرزێکی گشتی لە ئاستی نێودەوڵەتییەوە تا حوکوومەتە بچووکەکان لە زمانی ڕاگەیاندندا دەدوێین. ئەو جەنگە گەورانەی ئێستا لە جیهاندا هەیە، جەنگی نێوان گرووپی چەکداری حەمماس و دەوڵەتی ئیسرائیلە، کە هەندێک جار بە "جەنگی نێوان دوو ئایین" ناودەبرێت. لە ساڵی ٢٠٢٢وە جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا هەیە و تا ئێستایش بەردەوامی هەیە. ماوەیەکیش شەڕی نێوان گرووپی چەکداری ڤاگنەر، لەگەڵ حوکوومەتی ڕووسیا ڕوویدا و دواتر شەڕەکە لە ماوەیەکی کەمدا گیرسایەوە و کۆتایی هات. جیهان بۆ دووبارەی دژبەیەک دابەش بووە کە ئەوانیش: ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەتی (ناتۆ و ئەورووپا ...تاد.) لەگەڵ ڕووسیا و چین و کۆریای باکوور و...تاد. کاتێک ئەو دوو دژبەرە پەیام لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە ئاراستەی یەک دەکەین، بە زمانێکی زۆر سادە و دوور لە زبری و تیژی بەکار دەهێنن، بەڵام ترسێکی زۆر لە دڵی خەڵک دروست دەکەن. بڕوانە نموونەکان:

**لە جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرایینادا**

نموونە: جۆو بایدن سەرۆکی ئەمریکا و هاوپەیمانی ئۆکراینا گوتی: ((بە هەموو شێوەیەک پشتگریی هاووڵاتییەکی ئۆکرایینی دەکەین)). (ئێن‌ئارتی، ٢٠٢٢: ١).

لە وەڵامی ئەو قسەیەی جۆو بایدن، ڤلادیمێر پووتن سەرۆکی ڕووسیا لە ڕاگەیاندنەکاندا زۆر بە سادەیی گوتی: ((وەڵاممان بۆ هەموو کردەوەیەک دژ بە خاکەکەمان دەبێت)). (کوردستان٢٤، ٢٠٢٢: ١).

دەبینین ئەو دوو ڕستەیەی سەرۆکی ئەو دوو دەوڵەتە زۆرهێزە زۆر بە سادەیی نووسراوە و گوتراوە، بەڵام زیادتر لە (٥٠) پەنجا هەزار کوژراو و زیادتر لە (٨٠) هەزار بریندارى لە نێوان ڕووسیا ئۆکراینیدا لێ کەوتەوە.

**زمانی ڕاگەیاندن لە سیاسەتی دەوڵەت:**

چەند نموونەیەکی ئەو زمانە دەهێنینەوە:

نموونەی ١: ڤلادمێر زیلینسـکی، سەرۆکی ئۆکراینا: جەنگاوەرەکانمان بەسەر سەربازە ترسنۆکەکانی ڕووسیادا سەردەکەون و خاکەکەمان ڕزگار دەکەین. (کوردستان٢٤، ٢٠٢٢: ١).

نموونەی ٢: موستەفا کازمی، سەرەکوەزیرانی پێشووی عێراق: پارە دزراوەکانی گەلەکەمان لە ئەمریکاوە دەگەڕێنینەوە و دەیخەنەوە خزمەت گەلەکەمان. (سەرچاوەی پێشوو).

نموونەی ٣: مەسـروور مەسعوود بارزانی، سەرەکوەزیرانی حوکوومەتی هەرێمی کوردستان: خۆنەویستانە بۆ چاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵی کارمان کردووە. (کوردستان٢٤، ٢٠٢٢: ١).

**زمانی ڕاگەیاندن لە سیاسەتی دەستەیەک لە بیروڕای جودا (حیزب):**

بۆ ئەم جۆرەی زمانی ڕاگەیاندن لە سیاسەتی حیزبدا، دوو حیزبی کوردی بە نموونە وەردەگرین و بە جودایی لێی دەدوێین کە هەر یەک لە حیزبەکانی "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" و "پارتیی دیموکراتی کوردستان"ە، لەلای خۆیانەوە بەشێک لەو وشانەی لە زمانی ڕاگەیاندنەکانی خۆیانەوە بەکاری دەهێنن جودایە لەگەڵ وشەکانی حیزبەکەی دیکە.

یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ لەلایەن "جەلال حیسامەددین شوکروڵڵا" ناسراو بە جەلال تاڵەبانی/ مام جەلال، لەگەڵ چوار لە هاوڕێکانی دامەزرا.

پارتیی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦ لە مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن "مستەفا شێخ محەمەد بارزانی" ناسراو بە مەلا مستەفای بارزانی و لەگەڵ شەش هاوڕێی دامەزرا.

حوکوومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ کەناڵێکی فەرمیی سیاسی نییە. ئەو دوو حیزبە سیاسییە چەندین کەناڵ و ماڵپەڕ و پەڕەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیان هەیە. ئێمە لێرەدا دوو کەناڵ وەکوو زمانی ڕاگەیاندنی ئەو دوو حیزبە بە نموونە وەردەگرین کە کەناڵی "گەلی کوردستان"ی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و کەناڵی "کوردستان تیڤی"ی پارتیی دیموکراتی کوردستانە:

| کوردستان تی ڤی | گەلی کوردستان |
|---|---|
| شاند | وەفد |
| پەرلەمانی عێراق | ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق |
| بەربژێر | کاندید |
| هاووڵاتییانی هەرێم | کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان |
| ئافرەت | ژن |
| سیڤیل | مەدەنی |
| شارەدێ | ناحیە |
| قوتابی | خوێندکار |

ئەو نموونانەی لەسەرەوە خستمانە ڕوو، چەندین نموونەی دیکەیش هەن کە لە بەشی داهاتوودا بەوردی لەبارەیەوە دەدوێین و شلێوەی دەکەین. ئەوەی لێرەدا هەیە بەکارهێنانی زمانە لە ڕاگەیاندنی سیاسیدا، بە واتایەکی دیکە، هەندێک لە وشەکانی زمان دەستەیەک هەڵدەستن بە خاوەنداریەتیکردنی و دەیکەن بە موڵکی خۆیان، بۆ ئەوەی بە سانایی لەنێو خەڵکدا بناسرێنەوە. بێگومان ئەو خاوەنداریەتییە لە بەسیاسەتکردنەوە دێتە ئاراوە، سەرەتا لە کەناڵە سیاسییە حیزبییەکانەوە سەریهەڵدا و ئێستا لە چەند کەناڵێکی "ترفیهي"یش ئەو دیاردەیە بەدی دەکرێت. بڕوانە: (قانع، ٢٠١٢: ٢٢٨ - ٢٣٣).

# بەشـــی دووەم
## زمان لە ڕاگەیاندنی کوردیدا

**پاری یەکەم: ڕاگەیاندنی کوردی و سەرهەڵدانی**

**پاری دووەم: دەربڕاوە جوداکانی زمانی ڕاگەیاندنی کوردی (کەناڵی ڕووداو بە نموونە)**

## پاری یەکەم: ڕاگەیاندنی کوردی و سەرهەڵدانی

ڕاگەیاندن وەک یەکێک لە بوارەکانی ژیان، لە سەرەتادا بە تەرزێکی ساناوە هاتووەوە ئاراوە. بەپێی بەرەوپێشچوونی وردە وردەی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ ڕاگەیاندنیش بەرفراوان بوو. ژیانی مرۆڤ بە قۆناغبەندییەوە دەبێتەوە سێ قۆناغ، ئەشکەوت، گوند و شار. ((لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە ڕاگەیاندن بوونی هەبووە، کاتێک ئەو مرۆڤانەی کۆچەری بوون و بە هێما هەندێک شوێنیان بۆ ئاگادارکردنەوەی دوای خۆیان هەڵکۆڵیەوە، خودی هەڵکۆڵینەکە بە سەرەتای ڕاگەیاندن دادەنرێت)). (ئەنوەر، ٢٠٢١: ١). ئێمە لێرەدا باس لە ڕاگەیاندنی کوردی بە تایبەتی دەکەین. بێگومان سەرهەڵدانی ڕاگەیاندن بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، کە یەکەم قۆناغی ڕاگەیاندن لەنێو کورددا ڕۆژنامە بووە. لەدوای ڕۆژنامە گۆڤار و دواتر ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و میدیا هاتووەوتە ئاراوە. یەکەم ڕۆژنامەی کوردی و بە زمانی کوردی لە ڕێکەوتی ٢٠ی نیسانی ١٩٨٩ی میلادی بە ناوی "کوردستان" لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانەکان و بە تایبەت لەسەر دەستی بەدرخان پاشا و میقداد مەدحەت بەگ لە قاهیرەی پایتەختی تورکیا دەرکرا. چەند ژمارەیەکی جودای لە چەند وڵاتێکی جودای لێ چاپ کرا. بڕوانە: (جەباری، ١٩٧٠: ٦١). لەدوای دامەزراندنی یەکەم ئامێری چاپکردن لەسەر دەستی نووسەر و زماناسی بەریتانی، ئیلی بانیستەر سەون ناسراو بە "مێجەرسۆن" بەتەواوی پەرە بە ڕۆژنامە کوردییەکان درا. لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق هەلێکی باش بوو بۆ بەرەوپێشبردنی ڕۆژنامەگەریی کوردی و دەرچوونی چەندین گۆڤار کە هەفتانە و مانگانەی تێدا بوو، بەشێک لەوانە: (گۆڤاری ژیانەوە، هەفتانە ١٩٢٤. گۆڤاری ژیان، گۆڤاری هەفتانە ١٩٢٦. زاری کرمانجی گۆڤاری دوو مانگی ١٩٢٦. نزار، گۆڤاری مانگانە ١٩٤٨...تاد).

لەدوای سەرهەڵدانی ڕۆژنامە و گۆڤار، ڕادیۆ (ڕاگەیاندنی بیستراو/بێژراو) هاتە ئاراوە، بەپێی گێڕانەوەکانی عەلائەدین سوجادی بێت لە ساڵی ١٩٣٢ بۆ یەکەمجار لەلایەن خاوەن چایخانەی "حەمەڕەق" ڕادیۆ هاتە شاری سلێمانی. کە تەنها ئێواران چەند هەواڵێکی بە زمانی عەرەبی لێ دەخوێندرایەوە. بڕوانە (سەجادی، ١٩٧٢: ٧٦ - ٧٧).

یەکەمین ڕادیۆ کە بە زمانی کوردی پەخشی بڵاوکراوەکانی کردووە، ڕادیۆی بەغدا بووە، کە ((لە ١٩ی ١١ی ١٩٣٩ بۆ یەکەمین جار بە زمانی کوردی هەواڵی تێدا خوێندراوەتەوە بە ١٠ تا ١٥ خولەکی ڕۆژانە )). (محەمەد، ٢٠٠٠: ٦). وردە وردە کاتەکەی زیاد دەکرا. بابەتی وتار و شیعر و گۆرانیی کوردیشی تێدا پەخش دەکرا. شوێنێکی باش بووە بۆ تۆمارکردنی گۆرانییە کوردییەکانی گۆرانیبێژانی ئەوکات، وەکوو: سەلاح داودە، حەسەن زیرەک، عەلی مەردان، عارف جەزراوی، و ڕەسوڵ گەردی و کاوێز ئاغا و...تاد. لە گۆرانیبێژانی ئافرەتیش: مریەم خان و نەسرین فەرهاد و ..تاد. بەشی کوردی ئێستگەی ڕادیۆی بەغداد کاریگەرییەکی زۆری ڕۆشنبیری لەسەر کورد و بەرەوپێشچوونیان هەبووە. بڕوانە: (ئەمین، - : ٣٨٧).

لە سالانی جەنگی جیهانیی دووەمدا، حوکوومەتی بەریتانیا "ئێستگەی ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی نزیک"ی لە شاری یافای فەڵیستین دامەزراند، بەشێکی تایبەت کرد بە ناوی "ڕادیۆی کوردستان: کاری کۆی ئەو ئێستگەیە بە کوردییەکەیشەوە بڵاوکردنەوە پڕوپاگەندەی جەنگی نێوان و ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی لە دژی ئەڵمانیای نازی بوو. لە ساڵی ١٩٤٢ تا ساڵی ١٩٤٤ بەردەوام بوو. بڕوانە: (ئەحمەد، ٢٠١٠: ٦٨).

ڕادیۆی "کوردستان" لە مەهاباد لەگەڵ دامەزراندی کۆماری کورستان لە مەهاباد لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەمەد و هاورێکانی دامەزرا و لەگەڵ کۆتاییهاتنی کۆمارەکە، ڕادیۆکەیش داخرا.

ئێستگەی ڕادیۆی قاهیرە بە ٣٩ زمانی جیهانی لە پەخشدا بوو و زمانی کوردی چلەمین زمان بووە. کاتی پەخشی ئەو ڕادیۆیە سەعات ٥ی ئێوارە بە کاتی قاهیرە لە ڕۆژی شەممە ١ی حوزەیرانی ١٩٥٧ یەکەمین بەرنامەی بە زمانی کوردی تێدا پەخش کرا، کە دەستپێکی بەرنامەکە بە سروودی ئەی ڕەقیب دەستی پێ کرد. سێ بێژەری کورد ئەو بەرنامەیەیان پێشکەش دەکرد کە "محەمەد حسێن مەلا، هۆشیار تایەر بابان و محەمەد شەیدا" بوون. ماوەی کارکردنی ئەو بەرنامەیە سێ ساڵ بووە، لە ساڵی ١٩٥٧ تا ساڵی ١٩٦٠. بڕوانە: (ئەمین، - : ٣٩٢)

ئێستا لە چەند بابەتێکی گرنگی ڕاگەیاند دەدوێین، کە هەواڵی و جیهانی و کوردی لەسەر بنیاد نراوە. ڕاگەیاندن لە سەرەتادا بە خوێندنەوە و پەخشی هەواڵی دەستی پێ کردووە، ئێستا ئێمەیش لە بنەماکانی هەواڵ دەدوێین و باسی دەکەین.

## هەواڵ:

مرۆڤەکان بە تەرزی سروشتی خوازیاری پێوەندیکردنن بە دەورووبەری خۆیانەوە. ناسینی ژینگەی دەورووبەر دەکەنە هەوێنێك بۆ بەرەوپێش بردنی ژیانی و ئەمەش تەنها لە ڕێگای پرسیارکردن و وەرگرتنی وەڵامەکانەوە دێتە دی. ئەوانە هەواڵ وەردەگرن و دەیبەخشنەوە، زانیاریی نوێ دەگۆڕنەوە و لە سێبەری ئەویشدا بەهێزتر، ئامادەتر و هۆشیارتر دەبنەوە و خۆیان بۆ ڕووبەرووبوونەوە لەگەڵ داهاتوویان ئامادە دەکەن.

"رید بلیك" و "ئەدوین هارولدسن" لە پێناسە هاوبەشەکەیاندا بەم شێوەیە باس لە چەمکی هەواڵ دەکەن: هەواڵ کۆمەڵە زانیارییەکە کە خەڵك بۆ دیاریکردنی هەڵویستی ڕاست و دروستیان لە بەرانبەر ئەم جیهانەی کە بە خێرایی لە گۆڕاندایە سوودی لێ وەردەگرن. لە هەر شوێنێك کە باری نادیار یان لێکترازان و ئاڵۆزیی لە ئارادا بێت یان ئەوەی پێویستیی بە بڕیاردانێکی دروست بێت، هەر چەشنە زانیارییەکی نوێ کە کاریگەریی لەسەر بارودۆخەکە بێت، بە هەواڵ دێتە هەژمار. هەواڵ ئەو بەشە لە زانیارییە کە بۆ خەڵك جێگای سەرنج و

تێڕامان بێت.
پێناسەیەکی دیکە لە"رید بلیك و ئەدوین هارۆڵدسن" کە تایبەتمەندیی زیادتری لە خۆگرتووە دەربارەی هەواڵ:
هەواڵ: بریتییە لە یەك یان چەند ڕووداو کە سەرنجی زۆربەی خەڵك رابکێشێت و بۆ بڵاوکردنەوە لە هۆکارەکانی راگەیاندن (بینراو، بیستراو، چاپکراو) شیاو و گونجاو بێت.
زانیمان هەواڵ چییە و کام پرسە هەواڵە و بۆ هەواڵ دەشێت، بە گشتی: هەموو هەواڵێك زانیارییە، بەڵام هەموو زانیارییەک هەواڵ نییە. بڕوانە: (سالەح، ٢٠٠١: ١٥).

## ژانرەکانی هەواڵ:

ژانرەکانی هەواڵ فێری هەوڵـــــنێران دەکەن کە هەواڵێکی تەواو بە بەها و دەوڵەمەند ئامادە بکات، بەمانایەکی سادەتر ژانرەکانی هەواڵ وەڵامی پرسیارەکانی خوێنەر دەدەنەوە، وەك ئەوەی کە ڕووداوە لەبەر چاوەکان چۆن ڕوویداوە و کێ بووەتە هۆی ڕوودانی. لە ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنووسیدا ژانرەکانی هەواڵ بە پێنج W و یەک H ناسراون، بڕوانە (وەلی، ٢٠٠٨: ٣٣).

## کێ:

هەر کاتێك هەواڵنێر هەواڵێك ئامادە دەکات، پێویستە فاکتەرەکانی ڕوو داوەکە بناسێنێت کە ڕۆڵی لە ڕوودانی ڕووداوەکەدا هەبووە بەمانایەکی سادەتر تۆ ئاگات لەوەبێ کە بێگومان دەبێت بە خوێنەر بڵێی بە وردی کێ (ناو، ناوی خێزان، کار و لایەنی دەوڵەتی ... تاد) بووەتە ڕوودانی ڕووداوەکە، یاخود ئەو ڕێکەوتە تایبەتە.

## چی:

ئەم ژانرە بەزۆریی بەندە بە کرۆکی ڕووداوەکەوە. (چی) لەوانەیە ڕووداوی ئۆتۆمبێلێك تیرۆری کەسایەتییەکی بەرجەستەی سیاسی، دانانی گەڵاڵەنامەیەکی گرنگ لە ئەنجومەندا و ... تاد بێت، لەڕاستیدا ئەم ژانرە و ژانری (کێ) گرنگترین ژانری هەواڵن.

## لەکوێ:

بە دڵنیاییەوە تۆ وەك بیسەرێک بەلاتەوە گرنگە کە بۆ نموونە تەقینەوەی بۆمبێکی بەهێز لەکوێ ڕووی داوە، بەهۆی ئەو فاکتەرەوەیە کە لە داڕشتنی هەواڵدا هەر ڕوداوێك کە بەندە بەشوێنەوە، پێویستە ڕەگەزی (لەکوێ) ڕەچاوبکرێت ڕەگەزی (لەکوێ) کە لێرەدا شوێنی ڕووداوەکە دەستنیشان دەکات.

## کەی:

ئەم بنچینە گەشتییە لە سیستەمی میدیاکاندا چەسپاوە کە نابێت بەبێ ناوهێنانی کات، ڕووداوەکە بگوازرێتەوە چونکە پێویستە خوێنەر یان بیسەر زانیاریی لەسەر کاتی ڕوودانەکە (ڕابردوو، ئێستا، ئاینده) هەبێت، بەهای هەواڵیی (تازەیی و نوێبوون) بەندە بە ڕەگەزی (کەی)ەوە بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەوەت لەیاد بێت ئەگەر ڕوواوە جێ مەبەستەکەت نوێ بوو، پێویستە لە پەرەگرافی یەکەمدا ئاماژە بۆ کاتەکەی بکەیت.

## بۆچی، چۆن:

به هەمان تەرزی لە ناوی ئەم دوو ڕەگەزەوە هاتووە، ئەم ڕەگەزانە ڕەهەندی شیکاری و وەسفکردنی ڕووداوەکان ڕۆشن دەکەنەوە. بە مانایەکی سادەتر ڕەگەزی (بۆچی) هۆکار و پاڵنەرەکانی هێنانە ئارای ئەو ڕووداوە دەخەنەڕوو و ڕەگەزی (چۆن) شێواز و چۆنایەتی ڕوودانەکە بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو، ڕۆژنامەنووسی شارەزا هەوڵدەدات گشتگیرترین زانیاری لە یەك بە یەکی ڕەگەزەکانی هەواڵەکە و لە متمانەترین ڕێگاوە بە دەستبهێنێت.

## بەهاکانی هەواڵ:

بەهاکانی هەواڵ ئەوە بهێنەرە بەرچاوت لە ماوەی ڕۆژێکدا چەند ڕووداوت بینیوە تۆ کاتێك دەچیتە ماڵەوە کام لەم ڕووداوانە بۆ خێزانەکەت باس دەکەیت ئەوە خاوەنی زۆرترین بەهای هەواڵە. بڕوانە: (کەرکووکی، ٢٠٠٨: ٤٤).

## لەخۆگری:

یەکەمین بەها بۆ هەڵبژاردنی ڕووداوێك بۆ هەواڵ لەخۆگرییە واتا ئەو ڕووداوە بۆ ژمارەیەکی بەرفراوانی تاکەکانی کۆمەڵگا شیاوی بایەخپێدان بێت، بۆ نموونە وەك ئەنجامی هەڵبژاردن.

## ناسراوی:

بەهای دواتر (ناسراوی)یە. بەم شێوەیە هەر ڕووداوێك کە سەبارەت بە کەسێکی ناسراو ڕووبدات، بەهای بوونە هەواڵی هەیە.

## تێکچڕژان:

کێشمەکێش و لێکدان هەر ڕووداوێك کە تیایدا تێکچڕژان، لێکدان، جەنگ، دزی و تاوانی تێدا بێت بەهای بوونە هەواڵی هەیە، تێکچڕژان ڕەنگە بە شێوازی: جۆراوجۆر ڕوو بدات کە ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین.

١. لێکدانی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ وەك شەڕ و کوتەککاریی نێوان دوو کەس یاخود دوو دەستە.
٢. لێکدانی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا، وەك ئافاتە سروشتییەکانی نموونەی لافاو، تۆفان و بوومەلەرزە.

## جودایی و سەرسوورهێنی:

بە شێوەیەکی گشتی، ئەو ڕووداوە نایاب و دەگمەنانە دەگرێتەوە کە بۆ هەمووان جێی سەرنجە و بۆ ئەوانیتری دەگێڕینەوە، بەهۆی ئەم فاکتەرەوەیە. کە ئەم بابەتە، یەکێکە لە بەهاکانی هەواڵ بۆ هەڵبژاردنی ڕووداوێك بۆ هەواڵ گەورەیی و فراوانی ژمارە و بڕ بەرچاورکردنی ئەم بەهایە دەکرێت لەوە بگەین کە هەر کاتێك ڕووداوێك بەسەر دەستەیەك و یاخود ژمارەیەکی زۆرتری خەڵکدا ڕوویدات، .شایستەی بوونە هەواڵی هەیە.

## (نزیکی )جوگرافی – مەعنەویی:

هەر کارەسات یاخود ڕووداوێك بۆ ئەو کەسەی لە نزیك ڕووداوەکەوە دەژی، خاوەنی زۆرترین بەها لە لای دەبێت. لەم ڕووەوەیە هەوڵنێرانی میدیایەك، بە شێوەیەکی گشتی هەواڵی ئەو ڕووداوانە وەردەگرن کە پێوەندیدارە بە سنووری چالاکییەکانی ئەو میدیاییەوە، لە بیرتان بێت (نزیکی) تەنها ماددی و جوگرافیایی نییە، بەڵکوو نزیکی مەعنەویش دەبێتە مایەی هەڵبژاردنی هەواڵ، بەمانایەکی تر هەندێک لە ڕووداوەکان لە ڕووی مەعنەوییەوە بۆ گرووپێك یاخود کۆمەڵە خەڵکێکی کۆمەڵگا گرنگە بۆ نموونە هەر هەواڵێك پێوەندیداربێت بە کورد و کوردستانەوە لە سەرجەم شوێنەکانی جیهاندا، بۆ کۆمەڵگای کوردیی ئێمە خاوەنی گرنگی پێدانە.

## تازەیی و نوێبوون:

بۆ ئەوەی پەی بە گرنگی ئەم بەهای هەواڵییە ببەین، پێویستە ئەوە بزانین لە دنیای چاپەمەنیدا بڕوا وایە ڕۆژنامە وەك کۆرپەلەیەك وایە، واتا لە هەمان ڕۆژی لە دایکبووندا گیان لە دەست دەدات، پاشان هەواڵنێر یاخود ڕۆژنامەنوسێك سەرکەوتووە کە زۆر زوو نوێترین ڕووداو ئاشکرا بکات و هەرچی زووترە بیکات بە هەواڵ.

ئێستا لەسەر چەند لایەنێکی گرنگی هەواڵ دەدوێین:

## وردی هەواڵ:

پێویستە هەواڵساز/ هەواڵڕێکخەر/ هەواڵنێر/ ئامادەکاری هەواڵ، کەسێکی بە سەلیقە و ورد بێت و لە نووسین و ڕاستیی هەواڵەکە پشت بە چەند ژێدەرێک ببەستێت و ڕاستەوخۆ لەگەڵ بیستنی هەر هەواڵێک نەیخاتە بەر دید/ گوێی خەڵک. بیردۆزێکی ئینگلیزی هەیە باس

لەوە دەکات، هەواڵساز وەک دەرگاوانێکی متمانە پێکراو وایە، ئەو هەواڵانەی لە ژوورەوە ئامادە دەکرێت، دەبێت بزانێت چی شیاوە بۆ چوونەدەرەوەی هەواڵەکە و زانینی خەڵک لەو هەواڵە. بڕوانە: (ئەلشەریف و ندا، ٢٠١٩: ١١٨).

## خێرایی هەواڵ:

یەکێکی دیکە لەو هۆیانەی دەبێتە گرنگیی هەواڵ، خێرا گەیاندنی هەواڵەکەیە، کە پێویستە هەواڵساز ئەوەندە شارەزایی هەبێت کە بتوانێت هەواڵێکی ڕێک و گونجاو بە ماوەیەکی کەم ئامادە بکات و خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە.

## ڕوونی و ئاشکرایی:

دەبێت هەواڵساز ڕەچاوەی زمانی نووسنی هەواڵ بکات و هەواڵەکەی بێگرێوگۆڵ بێت و بە زمانێکی سانا و سادە بنووسرێت و هەموو خەڵک لێی تێ بگات، دوور بێت لە دەربڕینی قورس و وشەی ناقۆڵا. گەیاندی ڕاستی ڕووداوی هەواڵەکەیش بێ تەمومژ بێت و لای خەڵک ڕوون و ئاشکرا بێت.

## بێلایەنیی هەواڵساز:

پێویستە هەواڵساز لە نووسین و داڕشتنەوەی هەواڵەکەیدا بێلایەنی پێوە دیار بێت و سەر بە هیچ ئایدۆلۆژیا و بیرێکی حیزبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و...تاد نەبێت.بێلایەنیی خۆی بپارێزێت. بڕوانە: (سەرچاوەی پێشوو: ١١٧).

## پاری دووەم: دەربڕاوە جوداکانی زمانی ڕاگەیاندنی کوردی (کەناڵی ڕووداو بە نموونە)

لە پێشتردا دیکە لە هەندێک لە دەربڕاوە جوداکان دواین، ڕوونیشمان کردەوە کە ئەو دەربڕاوە جودایانە لای چەند لایەنێکی سیاسی هەیە، ئەوەیش بۆ خۆجیاکردنەوەیە و تا بینەران و بیسەرانیان کە ئەو وشانەیان بیست، ڕاستەخۆ بیریان بۆ ئەو دەزگا ڕاگەیاندنە بچێت. لەم پارەدا بەتەواوی تیشک دەخەینە سەر دەربڕاوە جوداکانی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی کوردی کە "تۆڕی میدیایی ڕووداو"وە. ئەو کەناڵە لە ساڵی ٢٠١٣ەوە پەخشی خۆی لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ دەست پێ کردووە و ڕێچکەیەکی تایبەتی بە خۆی هەیە. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و بگرە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش کاریگەرییەکی بەرچاوەی لەسەر ڕاگەیاندن هەبووە. هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی ئەو کەناڵە چەندین وشەی زمانی کوردی بە هاوماناکانی بەکار هێناوە، کە زۆربەی هەمان مانا بە دەستەوە دەدات، بەشێکی دیکەیشی زمانڤانان و ڕاگەیاندنکاران تێبینی و سەرنجیان لەسەری هەیە، بەڵام تا ئێستا ئەو کەناڵە بە فەرمی وەڵامی هیچ لایەنێک و کەسێکیان سەربارەت بەم وشانە نەداوەتەوە.

**لێرەدا ئەو وشانە دەخەینە ڕوو کە کەناڵی ڕووداو بۆ خۆجیاکردنەوەیان لە کەناڵە کوردییەکانی دیکە بەکاری دەهێنن، لەگەڵ وشە هاوماناکانیان:**

| وشەکانی کەناڵی ڕووداو | هاوماناکانیان |
|---|---|
| بەربژێر | کاندید/ خۆهەڵبژێرەر |
| خۆپێشاندەر/ خۆنیشاندەر | خۆپیشاندەر |
| هاونیشتیمانیان | هاووڵاتی |
| نڤیشکان | کەمئەندام |
| لەنێو | لەناو |
| گوشار | فشار |
| تیپ | پیت |
| مژار | بابەت |
| هاوئاهەنگی | هەماهەنگی |
| ڕۆژئاڤا | ڕۆژئاوا |
| گوتار | وتار |
| گرتووخانە | زیندان |
| ڕۆژنامەڤانی | ڕۆژنامەوانی |

| | |
|---|---|
| کاژێر | ٦٠ خولەک |
| هەڤپەیڤین | گفتوگۆ |
| پێشکێشکار/ پێشکەش | پێشکەشکار/ پێشکەش |
| لەنێوبردن | لەناوبردن |
| دادگە | دادگا |
| نێوەڕاست | ناوەڕاست |
| ڕاگەیێندراو | ڕاگەیەندراو |
| ڕۆژەڤ | ڕووداوەکانی ڕۆژ |
| تەماشاڤان | بینەر/ سەیرکەر |
| هاوژین | هاوسەر |

ئێستا دێین ئەو وشانەی کەناڵی ڕووداو بەکاری دەهێنێت، بەپێی فەرهەنگە زمانییەکانی کوردی – کوردی ڕوون دەکەینەوە و ماناکەی دەخەینە بەر دیدی ئێوە. لەو شوێنانەی پێویست بە دەرچوون لەو فەرهەنگانە و ڕوونکردنەوەیان لە چوارچێوەی زمان و ڕێزماندا ئەوا بۆتان ڕوون دەکەینەوە.

**بەربژێر**: ئەم وشەیە لە هیچ لەو فەرهەنگانەی لامانە دەستمان نەکەوتووە، بەڵام هاوماناکانیان و ڕوونکراوەکانمان دەست کەوت، کە وشەی بەربژێر لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژار موکریانی بە "بەربژار/ پاڵێوراو" هاتووە. لە بنەڕەتدا وشەی بەربژار واتا لەبەرەوە بژارکردن. وشەی بەربژێر لە "بەر+ بژێر" پێک هاتووە، کە لە فەرهەنگی شێخانی وشەی بژێر بە مانای ژمێریار دێت. بڕوانە: (شێخانی، ٢٠٠٩).
وشەی بەربژار لە فەرهەنگا کانیدا بە مانای "کاندید" هاتووە. بە گشتی بەربژێر بۆ کەسێک بەکاردێت کە پاڵێوراو/ کاندید (المرشح)ە بۆ پۆستێک، جا هەر پۆستێک بێت (پەرلەمان، سەرۆکی حوکوومەت و سەرۆکی کۆمار ... تاد).

**خۆپێشاندەر/ خۆنیشاندەر**: سەرەتا ئەو کەناڵە وشەی خۆنیشاندەر/ خۆنیشاندەرانیان بەکار دەهێنا، دوای چەند ساڵێک گۆڕییان بۆ خۆپێشاندان. ئەو دوو وشە بەکارهاتووەی کەناڵی ڕووداو لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەدا هاتووە. وشەی "خۆنیشاندەر" هاومانایە لەگەڵ وشەی"خۆنواندن" ی فەرهەنگی خاڵ. خۆنیشاندان بە مانای کۆمەڵەکەسێک دێت کە دەردەکەون و دێنە سەر شەقام بە مەبەستی داواکردن یان نارازی دەربڕین. بڕوانە: (هەژار، ١٩٩٠).

"خۆ+ ڕەگی پێشاندە+ ەر" یەکێک لەو دوو بزوێنە کورتەی کە پێکەوە هاتوون، لەنێوچووە و نەماوە و وشەکەیش بووە بە: خۆپێشاندەر.

**هاونیشتمان:** لە فەرهەگی خاڵدا ئەو وشەیە هەیە و بە مانای کەسێکە کە لەگەڵ تۆدا نیشتەجێی یەک خاک و یەک نیشتمان بێت. لە فەرهەنگی شێخانی هاونیشتمان هاومانایە لەگەڵ وشەی "هاووڵاتی". لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە لەگەڵ وشەی "هاوزێد" هاومانایە.
هەریەک لە وشەکانی" هاونیشتمان، هاووڵاتی و هاوزێد" بەم تەرزەی خوارەوە دروست بووە:
پێشگری (هاو)+ نیشتمان
پێشگری (هاو)+ وڵاتی
پێشگری (هاو)+ زێد
پێشگری هاو مانای پێکەوەیی بە وشە دەبەخشێت، وەکوو: هاوڕێ (دوو کەس هاوڕێگا بن)، هاومانا (دوو وشە یەک مانایان هەبێت)، هاوسەردەم (دوو کەس لە یەک سەردەمدا ژیا بن)... تاد.
**نڤیشکان:** ئەو وشەیە لە فەرهەنگا دەستی هەیە، بەمانای کەسێک دێت کە ئەندامێکی جەستەی لەدەست دابێت، یان کەمی هەبێت. لە فەرهەنگی کۆما کوردییا کورمانجی هاومانایە لەگەڵ وشەی "ناقص".
بە بۆچوونی ئێمە، وشەی "کەمئەندام" یان "نڤیشکان" دوو وشەی گونجاو نین بۆ ئەو جۆرە مرۆڤانە، لەبەر ئەوەی هەندێک لەو مرۆڤانە ئەندامێکی زیادەی جەستەیان هەیە، پەنجە/ قامکێکی دەستیان زیادتر،م واتا لەبری پێنج پەنجە، شەش پەنجەیان هەیە، ئەمەیش زیادبوونی ئەندامێکی جەستەیە نەک کەمبوونیم بۆیە ئەو دوو وشەی بەکارهاتووەی ئێستامان پێ گونجاو نییە.
**مژار:** لە فەرهەنگا کانی و فەرهەنگا دەســـــتی بە مانای "بابەت" دێت. لەگەڵ وشەی "الموضوع"ی فەرهەنگیا کۆما کوردییا کورمانجیدا هاومانایە، کە هاومانای وشە عەرەبییەکەیە.

**ڕۆژئاڤا:** ئەو وشەیە لە فەرهەنگی شێخانیدا هەیە. لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بە "ڕۆژئاوا/ ڕۆژاوا" هاتووە.

**ڕۆژنامەڤان:** ئەم وشەیە هاومانایە لەگەڵ وشەی ڕۆژنامەڤان. کەناڵی ڕووداو بە گشتی لەبری پاشگری (وان)، پاشگری (ڤان) بەکار دەهێنێت، وەکوو: ڕۆژنامەڤان، زمانڤان، ڕۆژنامەڤانی، سیاستڤان، وێژەڤان/ وێژەوان/ ئەدیب ... تاد.

**گوتار:** لە فەرهەنگی شێخانی بە مانای "وتار" هاتووە.

**گرتووخانە**: ئەم وشەیە لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بە مانای "حەبس/ حەپس/ حەفس" هاتووە. لە فەرهەنگی شێخانی بەم مانایانە هاتووە: "گرتیخانە، حەبسخانە و بەندیخانە".
دروستبوونی وشەی "گرتووخانە": قەدی چاوگ (گرت) + پشگر (وو) + پاشگر/ وشە (خانە).
پاشگری (وو) چەند ناوێک لە وشەیەک لە زمانی کوردی دروست دەکات، وەکوو: سەروو، خواروو،م پاشوو، ڕۆژوو ... تاد.
پاشوو= قاچی وڵاغ. بڕوانە: (خاڵ، ١٩٦٠)

**کاژێر** : ڕەنگە تاکە وشەیەک بێت کە لە زمانی کوردیدا زۆرترین مشتومڕی لەسەر کرابێت.
لەم بارەیەوە بیروبۆچوونی زۆر جودا هەیە:
زۆرینە، بەهیچ شێوەیەک وشەکەیان پێ باش نییە و دەربڕینەکەی بە ناشیرین دەزانن و لەگەڵ چێژ و حەزیان نایەتەوە. لە هەنبانەبۆرینە ئەم وشانە بۆ "کاژێر" نووسراون:
١.شەویلاکە، شەویلکە، شەویلە
٢.سووچ و قوژبنی ئۆدە
٣. تاقە لە دیواردا
٤. برێتی لە ڕەحەتبووگ لە گاندا
٥. ئۆدەی خەڵوەت لە تەکیەدا
ئەوانەش کە دژی وشەکەن زۆر جار ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم وشەیە واتە "ڕەحەتبوون دوای پێوەندیی سێکسی".
بەشێکی تر چونکە بەگشتی لەگەڵ سیاسەتی تەلەفزیۆنی ڕووداودا نین، بەتوندی دژی وشەکە دەبنەوە. چونکە ڕووداو ئەو وشەیە بەردەوام بەکار دەهێنێت. چینێکی تر کاریان بە سیاسەتی ڕووداو نییە، بەڵام چونکە ڕووداو وشەکە بەکار دەهێنێت، ڕەخنەی زۆر لە ڕووداو دەگرن.
کەمینە، بەکارهێنانی وشەکە بە ئاسایی دەزانن و پێیان وایە مادام کەلێنێک پڕ دەکاتەوە باشترە بەکاری بهێنن.
شێرکۆ بێکەس لە یەکێك شیعرەکانیدا بە واتای سەعات بەکاری هێناوە، بۆ نموونە: کاژێر ٦ی بەیانی بوو. وتمان ئەگەر وشەی کاتژمێر دابتاشرێت دەتوانێت ببێتە "کاژێر". لە فەرهەنگی "ئەستێرەگەشە"ی فازڵ نیزامەدین کە لە هەفتاکاندا چاپی یەکەمی بڵاوو بووەوتەوە ئەو وشەیە بەم جۆرە نووسراوە:
کاژێر / ساعة الوقت او التوقیت – ذقن، اسفل الذقن.
یەکێکە لە کۆنترین فەرهەنگە کوردییەکان، واتە فەرهەنگی "ئەستێرەگەشە"، عەرەبی کوردی.
کەوا بێت با ئێمەش وەک زمانە ئەورووپییەکان وشەی پێوانەی کات "hour" جیا بکەینەوە لە وشەی کاتژمێر "o'clock"، بۆ نموونە:
.I go to school at ٨ o'clock

کاتژمێر ٨ دەچم بۆ قوتابخانە.
.I have been here for ٢ hours
دوو کاژێرە لێرەم.
نزیکەی دە ساڵ دوای ئەوەی کە زانستپەروەرانی کورد ئەو وشەیەی بڵاو کردەوە، تەلەفزیۆنی ڕووداو دامەزرا و ئەوانیش ئەو وشەیەیان بەکار هێنا و بڵاویان کردەوە. بڕوانە: (هاشمی، ٢٠٢٤)
دیارە زۆرینەی خەڵک ئاگاداری ئەوە نەبوون کە ئەو وشەیە پێشتر لە فەرهەنگی کوردیدا بەو واتایە بەکار هاتووە، بوو بە هەرا کە ئەوە داتاشینە و ناشیرینە. هەڵبەت داتاشینیش بەشێکە لە وشەسازی بە مەرجێک خەڵک وشەکەیان پێ جوان بێت ئەگینا هیچ سوودی نییە. بڕوانە: (نیزامەدین، ٢٠٠٣: ...)

**هەڤپەیڤین**: لە فەرهەنگا دەستیدا بە مانای "چات/ گفتوگۆی نێوان دوو کەس" هەروەها بە مانای "گفتوگۆی پەیامنێرێک/ پێشکەشکارێک لەگەڵ کەسێکی پێوەندیدار بەو باسە/ گفتوگۆیە" دێت. بڕوانە: (قەرەداخی، ٢٠٢١: ١٦٤).

**پێشکێشکار**: ئەو وشەیە لە فەرهەنگا دەستیدا هاتووە.
**پێشکێش**: لە هەردوو فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە و فەرهەنگا کانی بە مانای "پێشکەش/ پێشکەشکردن" دێت. ئەو دوو وشەیە پێوەندیی بە شێوەزاری ناوچەییەوە هەیە.

**لەنێوبردن**: لە هەردوو فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە و فەرهەنگی خاڵ بە مانای " لەناوبردن" دێت.
**نێوەڕاست**: لە فەرهەنگەکانی هەنبانەبۆرینە و فەرهەنگی شێخانی و فەرهەنگی خاڵ بە مانای "ناوەڕاست/ ناوەڕاستی شتێک دێت".
**لەنێو**: لە فەرهەنگی شێخانیدا بە مانای "لەناو" دێت. هاوکات ئەم وشانەیەش هەر بەو تەرزەیە: نێوەڕاست، لەنێوبردن... تاد.

**دادگە**: لە هەردوو فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە و فەرهەنگی خاڵ بە "دادگا" هاتووە.
**ڕۆژەڤ**: لە فەرهەنگی ڕێژگەدا بە مانای "ڕووداوگەلی باوی ڕۆژ/ چۆنیەتیی بارودخۆی ڕۆژ" هاتووە.
**تیپ**: لە فەرهەنگا کانی بە مانای "پیت" دێت.

**هاوژین**: لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بە واتای ژن و مێر هاتووە، کە ژن و مێردیش لە هەردوو فەرهەنگی خاڵ و شێخانی بەواتای هاوسەر دێت.

# ئەنجام

١. هەموو پێناسەکانی زمان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە زمان کەرەستەیەکە بۆ تێگشتنی ئادەمیزادەکان لەنێوان خۆیاندا. بەخشینێکی کردگارییە بۆ بەندەکانی.
٢. زمان چەند جۆرێکی هەیە، ئەو جۆرەی کە ئێستا بەربڵاوترین و فراوانترینە و خزمەتی زمانیش دەکات و هەندێک جار زیانیشی بۆ زمان هەیە، زمانی ڕاگەیاندنە.
٣. هەواڵ بنەڕەت و بنچینەی ڕاگەیاندنە، ڕاگەیاندن لە لەدایکبوونیەوە تا پێگرتنی هەواڵ یارمەتی داوە. هەواڵ جگە لە هەستانەوەی ڕاگەیاند بۆ سەرپێی خۆی، ئەرکی بڵاوبوونەی زمانیشی سانا کردووە. ڕێگایەکە بۆ فراوانبوونەی زمان و خزمەتکردنی زمان، سەرەنجام هەواڵیش بە زمان دەنووسرێت.
٤. زمانی ڕاگەیاندن چەندین جۆری بۆ بەکارئانین هەیە، زمان لە سیاستەدا بەربڵاوترینە. زمانی لە سیاسەتی دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە دەگۆڕێت. زمانی هەرێمێک بۆ هەورێمکی دیکە جوداپی هەیە، زمانی سیاسەتی حیزبێک لە حیزبێکی دیکە جودا دەکاتەوە. ڕەنگ و تام و بۆن بە حیزبەکانیش دەدات و هۆیەکی ناسینەوەیانە.
٥. زمانی سیاسەتی کەناڵێک وا دەکات ئەو کەناڵە جودا دەرکەوێت لەگەڵ کەناڵە ڕکابەرەکانی.
٦. زمان بەپێی سەردەم و کات گۆڕانی بەسەردا دێت، لە مێژووی ڕاگەیاندنی کوردیدا ئەو گۆڕانانە بەدی کراوە. ئەو وشە یان زاراوانەی لە ڕۆژانەدا بڵاو دەبنەوە، کاریگەرییان لەسەر زمانی ڕاگەیاندن دەبێت، هەندێک جار ڕاگەیاندن دەکەوێتە ژێر باریەوە و خۆنەویستانە بەکاریان دەهێنێت.
٧. هەواڵ لە ڕاگەیاندندا، لە زمانی خەڵکەوە بۆ زمانی خەڵکەوە، واتا لە خەڵکەوە بۆ خەڵکە، زانیاریی خەڵکە دەدرێتەوە بە خەڵک، کەوایە سانایش ئەو وشە و زاراوانەی لە خەڵکەوەیە دێت هەندێک جار بە خۆنەویستانە دەدرێتەوە بە خەڵک، ئەوەیش بەکارئانینی وشەکە لەنێو خەڵک زیادتر دەکات.
٩. ئەو وشانەی لە کەناڵی ڕووداو بە نموونە وەرمان گرت، بۆمان دەرکەوت تەواوی ئەو وشانە لە فەرهەنگە کوردی - کوردییەکان واتاکانیان هەیە و کێشەی تێدا نییە. هۆکارێکی جوانیشە بۆ خۆجوداکردنەوە.
١٠. ئەو شانکێ (ململانێ)یەی لەگەڵ کەناڵی ڕووداو کە دەکرا، هیچ بنەمایەکی ئەکادیمی و زانستی نەبوو، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو وشانەمان بە بەڵگەی زانستی خستەڕوو، کە هەموویان لە فەرهەنگەکاندا هەیە و بەرانبەر بە واتای فەرهەنگەکانی دیکە دەوەستێتەوە.

# سەرچاوەکان

## کتێب:

### کوردی

١. ئەحمەد، بێستوون حەسەن (د)، ٢٠١٧، لێکدانەوەی سیمانتیکی و پڕاگماتیکیی دەربردراوە چەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سەرا، سلێمانی.
٢. ئەحمەد، بەهادین، ٢٠١٠، سەرەتایەک بۆ مێژووی ڕاگەیاندنی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٣. ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ... ، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی دووەم، بەرگی دووەم، ...
٤. ئەلشەریف و ندا، سامی (د) و ئەیمەن مەنسوور (د)، ٢٠١٩، زمانی میدیا، کامەران تاهیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٥. ئێلخانیزادە، مستەفا، ٢٠٢١، ڕێزمان و زمانەوانیی ئاسان و زانستیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری - هەولێر.
٦. بەسیر، کامیل حەسەن (د)، ١٩٨٤، زمانی نەتەوایەتیی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغدا.
٧. جگەرسۆز، محەمەد ساڵەح پێندرۆیی، ٢٠٠٩، فەرهەنگا کانی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٨. جەباری، عبدولجەبار محەمەد، ١٩٧٠، مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی.
٩. خاڵ، شێخ محەمەد، ٢٠٠٥، فەرهەنگی خاڵ، بڵاوکراوەکانی ئاراس، هەولێر.
١٠. خورشید، فوئاد حەمە (د)، ٢٠٠٨، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١١. خۆشناو و قادر، شێروان حسێن و شێروان میرزا، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٢. خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (د)، ٢٠١٤، زار و زمان، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
١٣. خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (د)، ٢٠١٦، ئاراستەکانی زمانەوانیی نوێ (لە دیسۆسێرەوە تا چۆمسکی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.
١٤. خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا، ٢٠١٣، زمانەوانیی کارەکی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
١٥. خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا، ٢٠١٣، زمانەوانیی کارەکی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٦. دەمیرهان، ئومێد، ٢٠٠٧، فەرهەنگا دەستی، ...
١٧. ساڵەح، مەجید، ٢٠٠١، ڕۆژنامەگەری، چاپی دووەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
١٨. سەجاددی، عەلائەدین، ١٩٧٢، ڕشتەی مرواوی، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
١٩. شێخانی، عەبدولوەهاب، ٢٠٠٩، فەرهەنگی شێخانی، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.
٢٠. عەزیز، مەجید ساڵەح، ٢٠٢٣ - ٢٠٠٤ ، بنەما تیۆرییەکانی ڕای گشتی و ڕاگەیاندن، ...
٢١. عەلی، ساڵەح مەحموود، ٢٠٠٣، ڕاگەیاندن، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٢٢. عەلی و حەمەئەمین، بەکر عومەر (د) و شێرکۆ (و)، ٢٠٠٧، زار و شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٢٣. فەتاح، محەمەد مەعرووف (د)، ٢٠١١، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاشم، هەولێر.
٢٤. کورمانجی، کۆما کوردییا، ٢٠١٢، فەرهەنگا کۆما کوردییا کورمانجی (کوردیی باکووری بۆ فارسی)، ...
٢٥. قانع، مەم بورهان، ٢٠١٢، لەبارەی ڕاگەیاندنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٢٦. قەرەداخی، بەهات حەسیب (د)، ٢٠٢١، هەڤپەیڤینی تەلەڤیزیۆنی هونەر و زانینە، و: کامەران تاهیر، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.
٢٧. کەرکووکی، دانا حەبیب، ٢٠٠٨، هونەری ڕۆژنامەنووسی، و: سەمیرە ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٢٨. گەردیگلان، ئەمین، ٢٠١٠، فەرهەنگی ڕێژگە (کوردی بۆ کوردیی ناوەندی)، چاپی دووەم، پەخشنگای موکریان، مەهاباد.
٢٩. محەمەد، کەمال ڕەئووف، ٢٠٠٠، هونەری درامی ڕادیۆی کوردی، چاپی یەکەم، ...
٣٠. مودەڕڕیس، مەلا عەبدولکەریم، ١٣٨٧، دیوانی مەحوی، چاپی پێنجەم، بڵاوکراوەکانی کوردستان.
٣١. موکری، محەمەد ئەمین شێخولئیسلام، ٢٠١٢، دیوانی هێمن، چاپی یەکەم، کوردستانی ئازاد.
٣٢. مەحموود، ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠٩، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاشم، هەولێر.
٣٣. ناوخۆش، سەلام (د)، ٢٠١٠، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٣٤. نیزامەدین، فازل، ٢٠٠٣، ئەستێرە گەشە (کوردی بۆ عەرەبی)، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر

٣٥. هەژار، عەبدولڕەحمان شەرەفكەندی، ١٩٩٠، هەنبانەبۆرینە (کوردی بۆ کوردیی ناوەندی و فارسی)، چاپخانەی سرووشت، تاران.
٣٦. هەڵمەت، لەتیف، ٢٠١٤، دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
٣٧. وەلی، ڕێبوار کەریم، ٢٠٠٨، بنەماکانی نووسینی هەواڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

**عەرەبی**

١. ت. ی. هاردیغ. ٢٠٠٦، الكتابة الأذاعية، الترجمة اديب حضور، دمشق.
٢. شرف، عبدالعزیز، ١٩٨٧، فن تحریر الأعلامي، مطابع الهنية، المصرية للكاتب.
٣. عبدالستار، جواد، ١٩٩٨، اللغة الإعلامية، دا الهلال الترجمة، الطبه الأولي، اربد، الأردن.

## توێژینەوە ئەکادیمییەکان

١. جراد، چۆلی ئەسعەد، ٢٠١٣، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، نامەی ماستەر، زمانی کوردیی کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٢. ساڵەح، دەروون عەبدولڕەحمان، ٢٠١٠، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زماندا، نامەی ماستەر، زمانی کوردیی کۆلێژی زمان، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی.

## پێگەی ئینتەرنێت

١. ئێنئارتی، ٢٠٢٢، دوایین ئامارەکانی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا، نوێترین سەردانیکردن ٢٠٢٤/٤/٢٥، بەستەر: https://www.nrttv.com/detail/١١٠١١
٢. خەندان، ٢٠٢٢، ڕووسیا نوێترین ئامارەکانی جەنگی بڵاو کردووەتەوە، نوێترین ٣. سەردانیکردن٢٠٤/٥/١٤،بەستەر:
https://www.xendan.org/detailnews/١٥٠٦٥٤
٤. موزەفەر، بەشدار، ڕووداو، ٢٠٢٤، جگە لە غەززە سیناریۆ بۆ ناوچەی دیکەیش ئامادە دەکەین، نوێترین سەردانیکردن ٢٠٢٤/٥/٢١، بەستەر:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/١٢٠٤٢٠٢٤
٥. کوردستان٢٤، ٢٠٢٢، نوێترین سەردانیکردن ٢٠٢٤/٥/١٧، بەستەر: https://www.kurdistan٢٤.net/ckb/story/٢٣٢٦٧٩
٦. ڤەژینلێکس، ٢٠٢٤، نوێترین سەردانیکردن ٢٠٢٤، بەستەر: https://lex.vejin.net/

# چاوپێکەوتن

١. ئەنوەر، کاروان، ٢٠٢١، مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی، هۆڵی لێنز، سلێمانی.
٢. هاشمی، دیاکۆ، ٢٠٠٦، کاژێر یان کاتژمێر، وتنەوەی وانە، نوێترین سەردانیکردن ٢٠٢٤/٥/١٥، کەناڵی تێلیگرام.